ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان
٣١ی بانەمەڕ ١٣٩١
20 May 2012

# دنیای منداڵان




## وتەی ئەمجارەمان

منداڵە خۆشەویستەکان!
مانگی جۆزەردان مانگی کۆتایی ساڵی خوێندن لە قوتابخانەکانە. لەم مانگەدا لە قوتابخانەکان تاقیکاری لەسەر ئەو وانانە کە لە ماوەی ساڵی رابردوودا خوێندووتانە وەردەگیرێ. ئێوەش دەبێ بە باشی خۆتان بۆ بۆ تاقیکردنەوە ئامادە بکەن تاکوو بتوانن پشووی هاوینی‌تان بە باشی‌و خۆشی تێپەڕ بکەن.
ئێمەش وەک ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان داواتان لێدەکەین کە لەم مانگەدا بە باشی وانەکانتان بخوێننو خۆتان لە چاو لێکردنی تەلەفزیون، یاری کردن، چونە دەرەوە و زۆر شتی دیکە کە دەبنە رێگرتان بۆ دەرس خوێندن ببوێرن.
جا چەند خۆشە کە هەموو ساڵێک بەسەرکەوتوویی و نمرەی باشەوە تەواو بکەنو خۆتان بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو ئامادە بکەن.




با مژدەییێکیشتان بدەینێ کە، هەر منداڵێک بە پلەی یەکەم تاکوو سێهەم تاقیکاریەکانی تەواو بکاو ئاگادارمان بکاتەوە، لە لایان منداڵپارێزی‌یەوە خەڵات دەکرێ.
هەر بژینو سەرکەوتوو بن.

سەرنووسەر



پۆلێك لە منداڵانی خوێندنگەی رۆژهەڵاتی بنەرەتی لە سەیرانێکی بەهاری

پەروین موشیر وەزیری ساڵی ١٩٤٠ لە شاری سنە لە بنەماڵەیەکی ناوداری ناوچەی ئەردەلان لە دایک بووە. قۆناغیدواناوەندیی لە سنە تەواو کردوە. ساڵی ١٩٥٨ لە بەشی




کوردیی رادیۆی تاران بۆتە وەرگێرو بێژەری بەرنامە ئەدەبی و هونەرییەکان. پەروین لە ماوەیەکی کەمدا توانی ناوبانگ دەر بکا و ببێ بە یەکێک لە سەرکەوتووەکانی بواری بێژەریی رادیۆی کوردیی کرماشان، سنە و تاران. بە خوێندنەوەی پەخشان و هۆنراوەی کوردی لە نێو خەڵکدا جێگایەکی تایبەتیی هەبوو و بووە خۆشەویستی خەڵکی کوردستان. کۆمەڵێک لە شێعری شاعیرە گەورەکانی کوردی بە دەنگە بە سۆزو هەستبزوێنەکەی لە بەرنامەیەکدا بەنێوی ‹ بەزمی هەینی›› گەیاندە گوێی خەڵکی کوردستان. لەدیارترین بەرنامەکانی، بەرنامەی (هەوارگەی دڵان) بوو، ئەو بە دەنگەکەی بەشێکی زۆر لە شێعر، چیرۆکی شەوانە،چیرۆکی فۆلکلۆریو رەسەنی کوردی و هەروەها بەشێک لە شێعرەکانی شاعیری نوێخواز ‹‹سوارە ئیلخانیزادە››ی گوتۆتەوە. پەروین موشیر وەزیری بۆ ماوەی ١٨ ساڵ بێژەرو دەرهێنەری بەرنامەی رادیۆیی بووە. لە ١٨ دیسامبری ٢٠١٠ بە هۆی نەخۆشیی دڵ لە خاکی غەریبی لە وڵاتی بریتانیا کۆچی دوایی کرد و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە فەرهەنگو ئەدەبو زمانی شیرینی نەتەوەکەی کرد. ئێستاش کە ئیستایە دەنگی زوڵاڵو بە سۆزی پەروین لە نێو دڵو دەروونی خەڵکی کوردستاندا هەر دەچریکێنێ.

ئامادەکردن: ئازاد محەممەدزادە

وەرزەکانی ساڵ
ئادەی ئادەی ئێمەی منداڵ
بافیر بین وەرزەکانی ساڵ
بزانن بۆ زانین فەرزە
وەرزەکانی ساڵ چوار وەرزە
یەکەم بەهار دووەم هاوین
خوداوەند وای بۆ داناوین
سێیەم پاییز، چوارەم زستان
بیان ناسە لە کوردستان
وەرز سی مانگی تەواوە
ناگۆڕێ و قەت نەگۆڕاوە
مانگەکانی بەهار جوانە
نەورۆز، گولان، جۆزەردانە
مانگەکانی هاوین ببێژ
پووشپەڕ خەرمانان ، گەلاوێژ
پاییز لە یادمە بە ئاوەز
رەزبەر خەزەلوەر سەرماوەز
زستان بەفرانباری لێیە
رێبەندان و رەشەمێیە

«عەبدوالرحمان تاوەگۆزی»

دیاری: حەلیم جەماڵ حەوێز و خانی سۆفی



دنیای منداڵان
گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

سەرنووسەر:
ئازاد عەباسیان
azadabasyan@yahoo.com

دەستەی نووسەران:
هاناوریا، شیلان قوربانیفەر، بێگەردعەلیپوور

فتۆشاپ و دیزاین:
ئازاد محەممەدزادە

پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanykurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com
Tel:+٩٦٤٧٥٠٣٢٢١١٤٠



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



جارێک دوو گێل بە یەکەوە وەستابوون، یەکێکیان شەقەزلەیەکی بە توندی لەوی دیکەدا.
ئەویش گوتی: ئەوە بە گاڵتەت بوو یان بە راستی؟
گوتی بە راستیم بوو.
گووتی شانست هەبوو چونکە من زۆرم رق لە گاڵتەیە.

جارێک دوو شێت بە یەکەوە دانیشتبوون و پرسیاریان لە یەک دەکرد، یەکێکیان بەوی دیکەی گوت بۆچی گێزەر بۆ چاو باشە؟
ئەویش گوتی ئاخر تا ئێستا هیچ کەروێشکێکم نەبینیوە چاویلکە(عەینەک) لە چاو بکات.

جارێک دایکێک بە کچەکەی گوت کچم نمرەکانی قوتابخانەت چۆنە؟
ئەویش گوتی دایکە هەمووی بەستوویەتی لە ژێر سفرەوەیە.

کوڕێک بایی دینارێک پاقلەی کوڵاوی کڕی. لە کاتی خواردنیدا بینی دەنکێک پاقلە مێشی تێدایە، کوڕەکە رووی کردە پاقلە فرۆشەکەو گوتی ئەوە چییە خاڵۆ پاقلەکەت مێشی تێدایە! پاقلە فرۆشەکەش گوتی ئەی تۆ یەک دینارت داوە و دەتهەوێ مریشکی تێدابێ.

## ئادەی بە دڵی خۆتان بمان ڕەنگێن








بەقەڵەم لە ١ تا ١٥ برۆن پاشان ڕەنگی بکەن.





**ئایا دەزانن کە:**
**مێش هەنگوین لە کاتی فڕینیدا سەردانی ٧٥ گوڵ دەکا؟**



## نیشتمان

نیشتمان حەزی لێ بوو ببێ بە مامۆستا. چونکە مامۆستاکەی خۆیان هەموویانی خۆش دەویست. دەیگوت حەز دەکەم ببمە مامۆستا. چونکە ئەو کات ئەمنیش لەگەڵ منداڵەکان یاری دەکەم. دەیگوت: دەبمە مامۆستا. لە هیچ منداڵێك نادەم. دوێنێ مامۆستا لە ئاریناىدا. ئاخر ئارینا دەفتەرەکەی خۆی پیس کردبوو. مامۆستا دوو داری لە دەستیدا. ئارینا گریا و ئێمەش ترساین. مامۆستا نەیدەزانی ئارینا بۆ چی هەمیشە دەفتەرەکەی رەشە. ئەو هەر لێی دەداو ئاریناش پێی عەیب بوو بڵێ بۆچی وایە. ئاخرییەکەی رۆژێکیان ئارینا بە گریانەوە گوتی مامۆستا پارەم نییە دەفتەر بکرم. باوکم قەول وایە سەری مانگ پارە وەربگرێو دایکم بەرێتە دوکتۆرو دەرمانی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی چیدیکە خوێن لە قورگی نەیەو ئەگەر پارەی بۆ مایەوە شیر بۆ خوشکەکەشم بکرێ بۆ ئەوەی شەو و رۆژ نەگرییێو بەڵێنیشی بە من داوە ئەگەر پارەی لێ مایەوە دەفتەرم بۆ بکرێو ئیتر ئەمن




چیدیکە دەفتەری براکەم رەش نەکەمەوەو لێی نەنووسمەوە. مامۆستا هەتا ئەو کاتە نەیزانیبوو ئارینا دەفتەری براکەی بە لاستیکی پاك‌کەرەوە دەسرێتەوە و خۆی لێی دەنووسێتەوە بۆیە هەمیشە دەفتەرەکەی پیسە! ئەو رۆژە هەموومان گریاین! ئەمن ئەگەر ببمە مامۆستا هەموویانم خۆش دەوێ وەك چۆن ئێستا مامۆستاکەمان هەمووماني خۆش دەوێ.

رەسووڵ سوڵتانی

## پارێزگاری لە پاک و خاوێنیی

بەشی دووەم:



کاتێ جل و بەرگەکانمان دەگۆرین، فرێیان نادەینە سەر عەرزەکە، بۆ ئەوەی خاوێن بمێننەوە دەبێ لە شوێنی تایبەتیی خۆیان هەڵیانواسین. ئەو جلانەی کە چڵکنن دەبێ بیانخەینە نێو سەبەتەی تایبەت یان ئامێری جل شۆر. تاکوو بەو شێوە یارمەتییەکی دایکیشمان دابێ.

هەموو شەوێك پاش تەواوکردنی وانە و ئەرکەکانی قوتابخانە، دەبێ کتێب و دەفتەرەکانمان رێك بخەین‌و ئەوانەی پێویستن لە نێو کیفەکەمانی باوێین.

کاتێ یاری بە کەل و پەلی یارییەکان دەکەین، پاش تەواو بوون لە یاری، دەبێ بە جوانی و رێك و پێکی هەڵیانبگرین و بیانخەینە شوێنی تایبەت بە خۆیان.

شەونم هەمزەیی



**ئایا دەزانن کە:**

**ئێمە بە درێژایی ژیانمان ١٨ کلیۆ پێست فەرێدەدەین؟**



# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

## وانەی چوارەم: بەشەکانی سەری مرۆڤ

بێگەرد عەلی پوور




خاوێن بە و خۆشەویست بە

child protection centre - East of kurdistan

| × | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ |
| ٢ | ٢ | ٤ | ٦ | ٨ | ١٠ | ١٢ | ١٤ | ١٦ | ١٨ |
| ٣ | ٣ | ٦ | ٩ | ١٢ | ١٥ | ١٨ | ٢١ | ٢٤ | ٢٧ |
| ٤ | ٤ | ٨ | ١٢ | ١٦ | ٢٠ | ٢٤ | ٢٨ | ٣٢ | ٣٦ |
| ٥ | ٥ | ١٠ | ١٥ | ٢٠ | ٢٥ | ٣٠ | ٣٥ | ٤٠ | ٤٥ |
| ٦ | ٦ | ١٢ | ١٨ | ٢٤ | ٣٠ | ٣٦ | ٤٢ | ٤٨ | ٥٤ |
| ٧ | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | ٣٥ | ٤٢ | ٤٩ | ٥٦ | ٦٣ |
| ٨ | ٨ | ١٦ | ٢٤ | ٣٢ | ٤٠ | ٤٨ | ٥٦ | ٦٤ | ٧٢ |
| ٩ | ٩ | ١٨ | ٢٧ | ٣٦ | ٤٥ | ٥٤ | ٦٣ | ٧٢ | ٨١ |

# «کۆترە سپیی»

چیرۆکی چوارەم لە کتێبی بەرخە **سپی**



کۆترێکی سپیی باڵ نەخشینی کلک درێژ، دوو باڵی جوانی پێوە بوو، لە کاتێکدا تیشکی خۆر دەردەکەوت ئەوەندیتر دەیڕازاندەوە، لە دەوروپشتی خۆیدا جێی خۆی کردبووەوە لە ناو دڵی هاوڕێکانیدا. خزمەتی هەموویانی دەکرد، هێلانەیەکی گەورەی



دروست کردبوو هەمیشە خزمەتی باڵندەکانیتری دەکرد. ئەمە وای لێکردبوو بە هەر لایەکدا بڕۆیشتایە ڕێزێکی تایبەتیان بۆ دادەنا.
لە کاتێکدا بە گەرمای هاویندا بە ناو دارەکاندا ئەمبەرو ئەوبەری دەکرد، سێبەری خۆشی دارەکان و هاژەی ئاوی ڕووبارەکان بۆ ماوەیەکی کەم دوورکەوتەوە لە هێلانەکەی، بیری لای بێچووەکانی نەما، بەڵام لە دوایيدا کە گەڕایەوە هێلانەکەی هات هەستی کرد بێچوویەک



لە بێچووەکانی دیارنەماوە دەستی کرد بە گەڕان، هەموو باڵندەکانی ئەو ناوچەیە لە گەڵیدا دەگەڕان، بەڵام دوای گەڕانێکی زۆر سەیریان کرد باڵندەیەکی بەوەفا لەو ڕۆژەوە ئەم بێچووەی لای خۆی داناوە و خزمەتی دەکات، بە پەلە کۆترە سپییان ئاگادار کردەوە بێچووەکەیان گەڕاندەوە، دووبارە خۆشی گەڕایەوە بۆ کۆترە سپی و هاوەڵەکانی.

عومەر تۆفیق



کۆسار شەریفیان ڕۆژی لە دایک بوون ٢٠١١/٣/٢٨
سۆزیار شەریفیان ڕۆژی لە دایک بوون ٢٠٠٦/٤/١٧



پێشەوا نووری ڕۆژی لە دایک بوون
١٣٨٠/٢/١٨



شێنێ شلماشی ڕۆژی لە دایک بوون
٢٠٠٤/٤/١١

دنیای منداڵان:
پێشەواو شێنێ و سۆزیار و کۆسار گیان ڕۆژی لە دایک بوونتان پیرۆز بێ.
منداڵە خۆشەویستەکان، بۆ بڵاوکردنەوی وێنەی جەژنی لە دایک بوونتان دەتوانن وێنەکانتان بێنن بۆ منداڵپارێزیی، ئێمەش لە دنیای منداڵاندا بلاویان دەکەینەوە.



ڕۆژی ١٣٩١/٢/١٤( ٢٠١٢/٥/٣)وەک ستافی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی سەیرانی پۆلێک لە منداڵانی قوتابخانەی بنەڕەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان کرد. لەم سەیرانەدا منداڵان باسیان لە خۆشییەکانی بەهارو چونیەتیی ژینگەپارێزی کردو سپاسی مامۆستاکانیان کرد کە ئەم سەیرانەیان بۆ ساز کردبوون. لە کۆتاییدا منداڵان هەر یەکەو وێنەیێکیان کێشایەوەو پێشکەشی مامۆستاکانیان کردو سەیرانگاکەیان پاکو خاوێن ڕاگرت.. ئێمەش سپاسی بەڕێوبەرانی قوتابخانەی بنەڕەتیی ڕۆژهەڵاتو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە کۆیەو تەلەفزیۆنی کوردکاناڵ دەکەین کە هاوکارییان کردین بۆ بەڕێوبردنی ئەم بەرنامەیە.



















## ویلیام جیم سایدیس کێیە؟

ویلیام جیم سایدیس، زیرەکترین مرۆڤ بووە لە مێژوودا، کە توانی لە تەمەنی یەک ساڵیدا بنووسێ، لە تەمەنی پێنج ساڵی دا بە پێنج زمانی ناسراوی جیهان قسە بکا.

لە تەمەنی یازدە ساڵیدا بوو بە مامۆستای زانکۆی هاروارد. سایدیس ساڵی ١٨٩٨ی ز لە ئەمریکا لە دایک بووە و لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا کۆچی دووایی کردوە. ئەو لە فێربوونی بیرکاری و زماندا توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەبووە. سایدیس یەکەمجار بەهۆی ئەوەی کە مێشکی زووتر لە کاتی پێویست گەشەی کردبوو زۆر بە باشی دەیتوانی سوود لە مێشکی وەربگرێ ناوبانگی دەرکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیدەویست لەبەرچاوی خەڵک زۆر دەربکەوێ، بە چەندین ناوی خوازراو بابەتەکانی دەنووسی.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ویلیام جیم سایدیس ئەوە بوو کە دەیتوانی لە ١٨ مانگیدا ڕۆژنامەی نیویورک تایمز بخوێنێتەوەو لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بە هەشت زمانی جیهان قسەی دەکرد، لە دووایییشدا هەر بۆخۆی زمانێکی نوێی داهێنا و ناوی لێ نا، «VENDERGOOD».

ئامادەکردن: هانا وریا



## پۆڵکە Pea

مندالە ئازیزەکان!

بابەتی ئەم جارەمان لەسەر گیایەکە بە ناوی پۆڵکە(نۆکی کەسک) کە بە فارسی پێی دەڵێن، «نخود فرنگی» یان «نخود سبز».

بە گشتی پۆڵکە هەڵگری ماددەگەلێکە کە بۆ سڵامەتیی و ئێسک زۆر باشە و چەند جۆرە ڤیتامینی تێدایە.

ویتامین ک١، دەبێتە هۆی چالاک کردنی سەرەکیترین پرۆتینی ئێسک.



ترشی فۆلیکو ویتامین ب٦ دەبنە هۆی پاراستنی سڵامەتیی سیستەمی دڵو دەمارەکان، ئەوەش یانی ماندوویی حەسانەوە.

هەروەها سەرچاوەیەکی باشی دیکەیە لە ویتامینەکانی ب١، ب٢، ب٦ و ب٣، کە هەموویان بۆ زیندەچالاکی چەوری ( مێتا بۆلیسم)، پرۆتینو کەربۆهیدراتەکان زۆر پێویستن. هەروەها پڕیەتی لە ئاسنو ماددەی کانزایی پێویست بۆ کارکردی سروشتیی



خانە خوێنییەکان، کە کەمییەکەیان دەبێتە هۆی کەم خوێنی، ماندوویی‌و دابەزینی کۆئەندامی بەرگریی لەش.

یەکی دیکە لەو ویتامینانەی لە پۆڵکەدا هەن، ویتامین «س»یە. ویتامین «س»ی نێو پۆڵکە پێشگیری لە تووشبوون بە شێرپەنجە دەکا، واتە هەڵمژینی زۆری دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی هەموو جۆرە شێرپەنجەکان. هەروەها ئەو شێرپەنجانەی کە پێوەندییان بە هۆرمۆنە جینسییەکانەوە

سەید جەلال ساڵحی

## خۆڵ بارین



خۆڵبارین چیيە؟ خۆڵ بارین بەرهەمی ئەو خۆڵ و تۆزەیە کە لە بیابانەکانەوە بە هۆی باوە لە سەر روی زەوی هەڵدەستێ بە ئاسماندا بلاو دەبێتەوە کە بە پێی هەڵکردنی بایەکە لە چەند کاتژمێرەوە تا چەند رۆژێک دەخایەنێ.



زیانەکانی خۆڵبارین بریتین لە: زیان گەیاندن بە دەزگای هەناسە هەڵکێشان، مرۆڤی باڵغ و پێگەیشتوو لە خولەکێکدا ١٦ تا ٢٠ جار هەناسە هەڵدەکێشێ، بەڵام بە پێی تەمەن جیاوازیی هەیە.

_ خۆل دەبێتە هۆی پشوو سواربوون «تەنگەنەفەسی» بەتایبەتی لای ئەو کەسانەی حەساسیەتیان هەیە  بە تۆز و خۆڵ، دووکەڵ و بۆن.



زۆرترین زیان بەو کەسانە دەگەیەنێ کە ئاسمیان هەیە «ئاسم، رەبۆ، Asthma»

خۆپاراستن؛ پێویستە لە کاتی خۆڵبارین‌دا کەمتر بچینە دەرەوە، واتا زۆرتر لە ژوورەوە بمێنینەوە. لە کاتی پێویست‌دا وەک چوون بۆ خوێندنگەو شوێنەگشتییەکان و... دەمامک بەکار بینن. لە کاتی هەر جۆرە پێشهاتێک یا تەنگە نەفەسی زۆردا، پێویستە بە زووترین کات رەوانەی لای پزیشک بکرێین.

رەحمان مەحموودی





### ئایا دەزانن کە:

ئەگەر دایکان لە کاتی دوگیانیدا سێوی سەوز بخۆن کۆرپەلەکەیان جوان دەبێ؟

## وەرزش رەوشتە

هەردوو تیپی سپی و قەڵەمی بە مەبەستی پێشبڕکێ دابەزینە نێو یاریگا،دەنگی شاراوەی نێوبژیوان بەرز بۆوە، یارییەکە دەستی پێکرد، چارەگە کاتژمێرێک تێپەڕی، هاندەرانی تیپی سپی بە هێورییەوە هانی تیپەکەیان دەدا. بەڵام هەندێ لە هاندەرانی تیپی قەڵەمی جارجارە وتەو رەفتاری ناشیرینیان دەنواند، وەک جنێوو فرێدانی هەندێ شت بە ئاراستەی یاریزانانی دژدا، تیپی قەلەمی لە خولەکی بیستەمدا گۆڵێکیان تۆمارکرد، هەندێ لە هاندەرانی تیپی قەلەمی هاتنە نێو یاریگاکەوە، زۆری نەخایاند نێوبژیوان لێدانێکی سزای لە دژی تیپی قەڵەمی ئەژمارکردو تیپی سپی بەوهۆیەوە گۆڵی بەرامبەری تۆمارکرد، تیپی سپی لە شوێنی خۆیانەوە خۆشییان دەردەبڕیو هانی تیپەکەیان دەدا، بەڵام هەندێ لە هاندەرانی تیپی قەڵەمی رژانە نێو یاریگاکەو هاواریان دەکرد!! غەدرە ...غەدرە... ناوبژیوان بەلای تیپی سپی ئەشکێتەوەو پەلاماریشیان دەدا. پۆلیس کەوتە نێوانیانەوە، هاندەرانی شەڕفرۆش بەوەندەش نەوەستان، روویان لە هاندەرانی تیپی



سپی کرد و پێیان گوتن « ئەگەر جوامێرن دابەزن ، ئەوە مەیدان›› هاندەرانی تیپی سپی وەڵامیان دانەوە «لە یاری تۆپێندا گرنگ دۆڕان و گۆڵ نیە.. گرنگ ئەوەیە بەرەوشت نەدۆڕێی.. دۆڕانی گۆڵ تا رادەیەک لە دەست خۆتدا نیە، بەڵام رەوش لە دەست خۆتدایە» ئەم وتە بە پیزانە نێوبژیوانی هێور کردەوەو خەندەی هێنایە سەر لێوانی. هاندەرە شەڕفرۆشەکانیش بە خۆیاندا شکانەوەو بەشەرمەزارییەوە گەڕانەوە شوێنی خۆیان، بڕیاریاندا ئەوانیش لەمەوبەدوا وەک هاندەرانی تیپی سپی هانی تیپەکەیان بدەن، لە کۆتایی یارییەکەشدا هەندێ لە هاندەرانی تیپی قەڵەمی داوای لێبووردنیان لە هاندەرانی تیپی سپی کردو گوتیان «وەرزش بەر لە هەموو شتێک رەوشتە»

جەواد حەمەبەگ

## چوار خشتەیی ٤

| 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ■ | | | | ک | 1 |
| ر | | | | ■ | | | 2 |
| | ■ | | ■ | | | | 3 |
| | | ■ | | | ■ | | 4 |
| | ■ | | | | | | 5 |
| ■ | | ■ | | ■ | | ■ | 6 |
| | | | | ■ | | | 7 |

ئاسۆیی ←

١. دۆستی دێرینی قوتابیان_ پ+ن
٢. هار بێ کلک- ناوێکی کوڕانەیە.
٣. حەیوانێکی قەڵەوە.
٤. هی. یازدە.
٥. خۆشکی دایک.
٧. یەکەم نۆتەی موسیقا. خواردەمەنییە.

ستوونی. ↓

١. جۆرێ لە سەوزیجاتە.
٢. ئامێرێکی موسیقا_ پێش لە دە.
٣. راست نییە.
٤. دوو پیت وەک یەک- میوەیەک بە پێچەوانە.
٥. پیاو نییە.
٦. لاق بە فارسی_ دد.
٧. پێتەختی ئێران بە تێکەڵی.



| 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ■ | ه | گ | ن | ی | ژ | 1 |
| ن | ا | و | ش | ■ | ا | 2 |
| ز | ■ | ر | ■ | گ | ل | 3 |
| ی | ■ | د | ن | ێ | ه | 4 |
| ک | ک | ■ | ێ | س | ■ | 5 |
| ■ | ا | م | ر | ه | گ | 6 |

ولامی چوار خشتەیی ژمارە٣



# منداڵە چاوگەشەکان! بەو کەرەسانەی خوارەوە ئەو گوڵە ساز بکەن و دوو گوڵەکەش بە پێی ئەوەی کە نیشان دراوە بکێشنەوەو پاشان بینێرن بۆ منداڵپارێزی و خەڵات وەربگرن

**کەرەسەی پێویست بۆ دروست کردنی گوڵەکە**
**١. کاغەزی رەنگی زەرد و سەوز ٢. چەسپ و مەقەست.**







**جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە بدۆزەوە**








**ئایا دەزانن کە:**
**لە دنیا ژمارەی جوجەڵەکان لە مرۆڤەکان زۆرترە؟**

# وڵاتەکەمان بناسین

## «شاری پاوە»

شاری پاوە یەکێک لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەر بە پارێزگای کرماشانە، کە دەکەوێتە ١١٢ کیلۆمیتری باکووری رۆژئاوای شاری کرماشان، لە باکوورەوە لە گەڵ شاری مەریوان، لە رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ شاری سنە، لە باشوورەوە لە گەڵ شاری جوانرۆ و لە باکووریشەوە بە درێژایی ٩٦ کیلومیتر لە گەڵ وڵاتی عێراق هاو سنوورە. بە پێی ئامارەکان ئەم شارستانە زیاتر لە ١٣٠٠٠٠ کەس دانیشتووی هەیە. خەڵکی ئەم ناوچەیە بە زاراوەی هەورامیو لە هێندێک ئاواییەکانی دەوروبەریشی بە زاراوەی جافی قسە دەکەن. شاری پاوە خاوەنی چەند چۆم و تاڤگەیە کە جوانییەکی بێ وێنەیان بەم ناوچەیە بەخشیوە، وەکو: چۆمی سیروان، لیلە، مەڕەخێڵ، و تاڤگەی بڵ و تاڤگەی قەڵۆز. کێوە بەرزەکانی ئەم شارە جوانە بریتین لە زەنجیرە کێوەکانی زاگرۆس، کێوی شاهۆ، کێوی زاوەڵێ و کێوی ئاتەشگا. ئەم



«چەند دیمەنێکی جوانی شاری پاوە و دەوروبەری»

ناوچەیە خاوەنی چەندین ئاسەواری مێژوویییە کە گرینگ ترینیان بریتین لە ئەشکەوتی قوری قەڵا، ئەشکەوتی دشاش، قەڵای پاسگا لە نودشە، ئەشکەوتی خاڵۆ حوسێن، تاڤگەی بڵ، کوسەی هەجیج و چەندین شوێنی دیکە. زۆربەی خەڵکەکەی سەر قاڵی دروست کردنی گڵێم، مەوج، بەرماڵ، جلوبەرگی کوردی (چۆخەوڕانک)و کڵاشنو بەو شێوەیە بژیوی خۆیان دەستەبەر دەکەن. دیاری شاری پاوە بریتییە لە گوێز، توو، دۆشاوی هەنار، هەڵۆچەو رۆنی خۆماڵی.

محەممەد محەممەدی

## وێنەی خنجیلانەکان لە دنیای منداڵان



کوێستان بەختیار — مادیا پەر — ئەوین پوورمەند — دارین ئاسۆ عەزیز — ئاگرین محەممەدی — ماناحەسەن زادە



رۆنیا مەمەندی — سارینا بابۆلی — ژیکاف شەخسی — ماریا حوسێنی — محەممەد شامورادی



پۆلێک لە قوتابیانی ناوچەی لەیلاخ — دلشاد سەدیقی — رەحیم شەخسی — خۆزگە و رێڤین

# نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵاندا



کانی ئەنوەری



ڕێڤین بەهرام موفید



لانۆ سەرکۆ



نەرمین بێهروجە



توانا ئەبروزەنی



زرێبار رانسووری



سەرتیپ و سەردار



سروە



مەهاباد



هێلێن



ئومید بێهروجە



نگین



بێخاڵ عەلی پوور



ئاڤان



سۆما

